بەهی نقووبونی بەلەمەکی کۆچبەران دیان هاوڵاتی کورد و بیانی گیانیان لەدەستدا

رێنج پشدەری، رۆژنامەنووس و چالاکوانی بواری کۆچبەران رایگەیاند: هەفتەی رابردوو 70 کۆچبەر لەدوورگەی بەدروم لە تورکیا بەرەو یۆنان بەرێککەوتن، لە رۆژی سێشەممە ئەو کۆچبەرانە شوێنی جوگرافی بەلەمەکەیان بەجێهێشتووە کە بەسەلامەتی ئاوی یۆنانیان تێپەڕاندووە.

رێنج پشدەری لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ میدیای کوردسات وتیشی: دوای سێشەممە (11ـی حوزەیرانی 2024) بەلەمەکە دیار نەماوە و رۆژی پێنجشەممە دوای ئاگادارکردنەوەی پۆلیسی ئیتاڵیا، دەرکەوتووە کە بەلەمەکەیان نوقوم بووە لە ئێنجامدا 60 کەسیان خنکاون.

راشیگەیاند، لەو ژمارەیە 35 کۆچبەریان کوردی هەرێمی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، ئەوانی دیکە ئێرانی و ئەفغانین، 10 کەسیش رزگارکراون و ڕەوانەی نەخۆشخانەی کراون و ڕووشی تەندروستییان ناجێگیرە.